| هەرێمی کوردستـــان - عیراق | Kurdistan Region – Iraq | اقليم كوردستـان - العراق |
| --- | --- | --- |
| سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران | Presidency Council of Ministers | رئاسـة مجلس الوزراء |
| وەزارەتـی دارایـی و ئابووری | Ministry of Finance & Economy | وزارة المالية والاقتصاد |
| بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری | General Directorate of Accounting | مديرية المحاسبات العامة |
| ب/ دیراسات و لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون | | م/ الدراسات و الابحاث و المتابعة |

ژمارە: ١٥/ ٤ / ٤٤٦٧ ڕێکەوت: / / ٢٧٢٠ کوردی ڕێکەوت: ٢/ ٧/ ٢٠٢٠زایینی

وەزارەتی دارایی و ئابووری
ژمارە: ٤١٦٥
٦ تموز ٢٠٢٠
هاتـــوو
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان

## گشتاندنی دارایی ژمارە ( ١١ )

## بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری

## ب / بڕیار

ئاماژە بە بڕیاری کۆبوونەوەی ژمارە (٢٧) سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کە بە ژمارە (٥١) لە ٢٠٢٠/٥/٥ دەرچووە بە نووسراوی ژمارە (٣٢٦٥) لە ٢٠٢٠/٦/١ بە دەستمان گەیشتووە بڕیاردراوە :-

فەرمانگەکانی باج ماوەی قەدەغەی هاتووچۆ و ماوەکانی داخستنی شوێنە بازرگانی و پیشەسازی و پیشە تایبەتەکان و هەروەها چالاکییەکانی دیکە کە دەکەونە ژێر باری باجی داهات . هەژمار نەکەن وەك ماوەی چالاکی بۆ بەدەستهێنانی داهات کە دەکەونە ژێرباری وەرگرتنی باج بە هەموو جۆرەکانییەوە بەم شێوەیەی خوارەوە :-

١- خانووبەرەی میری :

جێ بەجێ کردنی بڕگەی (١و٢) بە بڕیاری ژمارە (٥١) لە ٢٠٢٠/٥/٥ ی ئەنجومەنی وەزیران بۆ لێخۆشبوونی کرێ وە سوودی دواکەوتنی کرێچییەکانی موڵکەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی خانووبەرەی میری بۆ ماوەی (٢) مانگ بەهۆی ڕەچاوی ماوەی ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە (ڤایرۆسی کۆرۆنا) لە ٢٠٢٠/٣/١١ تاکو ٢٠٢٠/٥/١١ کە لەو ماوەیە نەیانتوانیوە بە شێوەی ئاسایی مۆڵکەکان بەکاربهێنن .

٢- سەبارەت بە وەرگرتنی باج بەم شێوەیەی خوارەوەیە :

أ- بەخشینی باجدەران لە سزا و سوودی دواکەوتن لە باجدان بە هۆی ڕەچاوی ماوەی ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە (ڤایرۆسی کۆرۆنا) ئەگەر ماوەکە کەوتبێتە نێوان ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/١١ تاکو ٢٠٢٠/٥/١٠ .

ب -درێژکردنەوەی ماوەی دانی قیست (قسط) بۆ ماوەی (٢) دوو مانگ بەهۆی ڕەچاوی ماوەی ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە (ڤایرۆسی کۆرۆنا) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/١١ تاکو ٢٠٢٠/٥/١٠ .

ج- درێژکردنەوەی ماوەی پێشکەش کردنی ڕاپۆرتی باجی لێبڕینی ڕاستەوخۆ بەپێ ی ئەو ڕێنماییانە کە لە وەزارەتی دارایی و ئابووری دەرچووە .

د- سەرجەم ماوە یاساییەکانی پابەندبوونی باجدەر بە ڕێکارەکانی باج بۆ ماوەی (٢) مانگ کە دەکەوێتە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/١١ تاکو ٢٠٢٠/٥/١٠ بە هۆی ڕەچاوی ماوەی ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە (ڤایرۆسی کۆرۆنا).

٣- سەبارەت بە وەرگرتنی باجی دەرامەت و کۆمپانیاکان و خانووبەرە بەم شێوەیەی خوارەوە .

أ- باجی دەرامەت و کۆمپانیاکان :

پێویستە لە کاتی خەمڵاندنی باجدەران بۆ ساڵی (٢٠٢٠) ی دارایی ڕەچاوی وەستانی چالاکیەکان بکەن بۆ ماوەی (٢) دوو مانگ بەهۆی ڕەچاوی ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە (ڤایرۆسی کۆرۆنا) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/١١ تاکو ٢٠٢٠/٥/١٠ واتە ئەو ماوەیە خەمڵاندنیان بۆ ناکرێت .

ب- باجی خانوبەرە :

لە کاتی وەرگرتنی باجی خانووبەرە و زەوی دەبێ ڕەچاوی ماوەی ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە (ڤایرۆسی کۆرۆنا) کە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/١١ دەستی پێ کرد تا ٢٠٢٠/٥/١٠ .

بۆ ئاگاداریتان و کارپێ کردنی ... لەگەڵ ڕێزدا .

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وێنەیەك بۆ/**

- نووسینگەی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت بە وەکالەت .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دەستەی ڕاوێژکاران لە دیوانی وەزارەتمان.. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ ب ـ ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ ب ـ چاودێری پشکنینی دارایی .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی یە گشتییەکانی سەر بەم وەزارەتە..بۆ گشتاندنی و کاری پێویست...لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەرێم/ هەولێر / (١و٢)ی سلێمانی / دهۆك / گەرمیان / سۆران/ڕاپەرین/ ئاکرێ / کۆیە/ زاخۆ/ چەمچەماڵ / ئامێدی / هەڵەبجە / بۆ زانین و کاری پێویست .
- گشت بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان .
- بەڕێوەبەرایەتی / دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون .
- دۆسیەی سوراو .